دوو هەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

دەریدەکات

دواڕۆژ

ژمارە (٩٢) ساڵی هەشتەم

٢٠٢٠/٠٧/١٥ - ٢٥ی پووشپەری ١٣٩٩ی هەتاوی

نرخ: ٥٠٠ دینار

dwaroj@komala.com

ئێعدامی سیاسی لە کوردستان،

درێژەی دەیان ساڵ داگیرکاری و هەوڵ بۆ سڕینەوەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی

لە شەپۆلێکی نوێی ئێعدامی زیندانیانی سیاسی کورد، بەرەبەیانی ڕۆژی سێشەممە ٢٤ پووشپەر حوکمی سێدارەی دوو بەندکراوی کوردی خەڵکی شاری مەهاباد بە ناوەکانی «سابیر شێخ عەبدوللا» و «دیاکۆ ڕەسووڵزادە» کە لە ساڵی ١٣٩٤حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپابوو، لە بەندیخانەی ورمێ جێبەجێ کرا.

ئەم حوکمە جەنایەتکارانەیە کە هەر لە سەرەتاوە، سێناریۆیەکی دەسکردی ڕژیم بۆ تاوانبارکردنی ئەو دوو لاوە بوو، لە پێش چاوی بنەماڵەی ١٣کەس لە کوژراوانی تەقینەوەی ١٠ساڵ پێش ئێستای (ساڵی ١٣٨٩) شاری مەهاباد، بەڕێوەچوو.

کۆماری ئیسلامی لە حاڵێکدا کە لەژێر گوشاری دەوڵەتی ئەمریکا و باقی زلهێزەکانی ڕۆژاوا و ڕەقیبە ناوچەییەکانیدا هەنگاو بە هەنگاو پاشەکشە دەکات و لە ژێر زەختی مانگرتنی بەردەوامی کرێکاران و بزووتنەوە ناڕەزایەتیەکاندا، داماوی و بێ تواناییەکانی بۆ بیروڕای گشتی دەرکەوتووە، دەستی داوەتە سەرکوت و زەبروزەنگی زیاتر.

ئاشکارایە کە سیاسەتی سەرکوتکاری و زەبروزەنگ بۆ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، لە کوردستان ئاسانتر دەچێتە پێش. هەر بۆیەش ئەم ڕژیمە لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە، دەستی داوەتە جۆرەها کردەوەی جەنایەتکارانەی لەم چەشنە بەرانبەر بە گەلی کورد و بزووتنەوە ڕەواو مافخوازانەکەی. ئەم ڕژیمە بەوپەڕی داماویەوە بەنیازە بە توندکردنەوەی کەش و هەوای ئەمنییەتی و ئێعدامی بەندکراوانی سیاسی،

...بۆ ل ٣

حوکمی سێدارەی دوو زیندانیی سیاسی کورد لە بەندیخانەی ناوەندیی ورمێ جێبەجێ کرا

حوکمی سێدارەی دوو زیندانیی سیاسی کورد لە بەندیخانە ی ناوەندی ورمێ جێبەجێ کرا

بەرەبەیانی ڕۆژی سێشەممە ٢٤ی پووشپەڕ، حوکمی لەسێدارەدانی دوو زیندانیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی «سابیر شێخ عەبدوڵڵا و دیاکۆ ڕەسووڵ زادە» خەڵکی مەهاباد، لە زیندانی ناوەندیی ورمێ ئێعدام کران.

حوکمی لەسێدارەدانی ئەو دوو زیندانییە سیاسییە کوردە، بە ئامادەبوونی بنەماڵەی ١٣ کەس لە کوژراوەکانی تەقینەوەی بومب لە مانگی خەرمانانی ساڵی ٨٩، جێبەجێ کراوە.

...بۆ ل ٣

زارا محەممەدی١٠ساڵ زیندانی بە سەردا سەپا

«زارا محەممەدی»، مامۆستای زمانی کوردی و ئەندامی ئەنجومەنی فەرهەنگیـ کۆمەڵایەتیی «نۆژین»، بە تۆمەتی «دانانی دەستە و گرووپ دژ بە نیزام بە مەبەستی تێکدانی ئەمنییەتی نەتەوەیی» لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی سنە، ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا.

دواییـن دادگاییکردنی «زارا محەممەدی» ڕێکەوتی ٢٧ی بەفرانباری ساڵی ٩٨، لە لقی ١ی دادگای ئینقلابی شاری سنە بە سەرۆکایەتیی دادوەر «سەعیدی» بەڕێوە چوو و ڕۆژی سێشەممە ٢٤ی پووشپەڕ، حوکمی ١٠ ساڵ زیندانییەکەی بە پارێزەرەکەی ڕاگەیەندرا.

...بۆ ل ٣

سەروتار

ئاوابوونی تەمەنی دیکتاتۆرەکان

پەرویز ڕەحیم زادە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمڕۆ لە هەمیشە زیاتر، لە لایەک بوەتە مەیدانێکی گەورەی ململانێی نێوان دەوڵەتانی زلهێزی جیهانی، کە هەوڵیان ئەوەیە هێژمۆنی سیاسی، ئەمنی و ئابووری خۆیان بەسەر ئەو ناوچەدا داسەپێنن و لە لایەکی دیکەشەوە خودی وڵاتانی ناوچەکە لە نێوان کۆمەڵێک قەیران و ئاڵۆزی ناوخۆیی گەورەدان کە دەربازبوونیان لە ڕاستیدا بەشێکی گرینگی پێوەندی بە چۆنیەتی هەڵسووکەوتی خۆیانەوە هەیە لەگەڵ ئەو گرفتانەی بەرۆکی گرتوون. بۆ وێنە قەیرانێکە عێراق دوای ڕووخانی ڕژیمی بەعس نزیکەی ٢٠ ساڵە تووشی بووەو تا ئێستاش ئاوەدانی و سەقامگیری بە خۆیەوە نەدیوە، جیا لە پێشخانە مێژوویەکەی کە چەندین کودەتای بە سەرداهاتووە، بەڵام سەرچاوە سەرەکیەکەی لە قۆناغی ئێستادا شەڕی دەسەڵاتی دوو بەرەی شیعەو سوننەیە کە هەر کامەیان توانایی خۆیان بۆ سەرکەوتن بەسەر لایەنەکەی دیکە تەرخان دەکەن، بۆیە بە دەسەڵات گەیشتنی هەرکام لەو لایەنانە ڕاستەخۆ دەستی وڵاتانی دەورووبەر بەسەر پرۆسەکەدا زاڵ دەکات و بەمشێوە قووڵایی قەیرانەکە زۆرتر دەردەکەوێت، وەک چۆن ڕژیمی ئێران بە تایبەتی کاریگەریی گرینگی لەسەر دیاریکردنی پۆستە گرینگە حکوومەتیەکان لە وڵاتە هەیە. ئەم بابەتە بە جۆرێک لە سووریەش بارودۆخێکی هاوشێوەیە واتە قەیرانێکی قووڵی ناوخۆیی و ناسەقامگیریی و هاوکات شەڕی بەرژەوەندیی دوو زلهێزی ڕووسیەو ئەمریکا لە ئاستی جیهانی و ئێران و تورکیەش وەک دوو قوڵە زلهێزی ناوچەیی. ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش کە نەک وە دژکردەوەیەک بەرانبەر ئەم ڕووداوانە بەڵکوو لە بواری ئیدۆلۆژیکەوە لە دوای هاتنەسەرکاریەوە پرۆژەی هەناردەکردنی وەک خۆی پێی دەڵێ (شۆڕش)ی لە بەرنامەی درێژخایەندا بووە. ئەڵبەتە بە شێوەی ئاسایی زۆربەی دیکتاتۆرەکانی مێژوو بە بەردەوامی هەوڵی زیادەخوازیان لە بیروزەیندا بووەو بۆ ئەوەش دەستیان داوەتە هێرش و داگیرکاریی. بەڵام بۆ پرۆژەی وەها ئەگەر دیکتاتۆرەکان چ لە سەردەمی ئیمپراتۆرە گەورەکانەوە تا گەشەی فاشیزم لە ئورووپای سەدەی بیست بۆ ماوەیەکی کورتیش بوویێ پێشڕەوی و سەرکەوتنێکیان بەدەست دەهێنا، لە خۆیدا پشتی بە کۆمەڵێک فاکتۆر وەک ئابووریی بە هێزتر و یەکگرتوویی زۆرینەو ڕێکخستنی هێزی گەورەی نیزامی بەستبوو. بەڵام ڕەوتی مێژوو هەموو ئەو خەونانەی پووچەڵکردەوەو جارێکی دیکە نەک ئەوانی تەنیا ناچار بە پاشەکشە کرد بۆ ناو سنوورەکانی خۆی بەڵکوو ئێستا ئەو ڕووداوانە وەک شەرم و پەڵەیەکی ڕەشی مێژوویی بەناو چاوی ئەو وڵاتە داگیرکەرانە ماوەتەوە. ئێستاکە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا بە بەردەوامی دەستی ئاژاوەو شەڕەنگێزانە لەم ناوچەدا دەگێڕێ و زێدەخوایی دەکات کە هیچکام لەو فاکتۆرانەی بوون بە زلهێزی (وەک ئەوەی خولیایەتی) تێدا نیە. ئەم ڕژیمە قەیرانی ڕەوایی بە لانی زۆرەوە چ لە ناوخۆ چ لە ئاستی کۆمەڵگای جیهانیی لەدەستداوە، لە لایەکی دیکەوە ئابووریەکی داڕماو کە بە هیچ جۆرێک مەودای گەشەی نەماوە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قووڵتر دەبێتەوەو بەرهەمەکەشی ئەو ناکۆکیە گەورە چینایەتیەیە کە زۆرینەی دانیشتووانی ئەو وڵاتەی بەرەو هێڵی هەژاری پاڵ پێوە ناوەو لە بەرانبەریشدا کەمایەتیەکی گەندەڵی کردوەتە خاوەنی سەرمایەگەلی ئەفسانەیی. وەک بینرا لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو بە تایبەتی خۆپیشاندانی گەورە لە دژی بارۆدۆخی نالەباری ئابووری هاتە ئاراوە کە سەرەڕای کوشتاری بێبەزەییانە، بەڵام جەماوەر هەر جارە تووڕەتر دێنە سەر شەقام بۆ داواکاریەکانیان. ئەم بارودۆخە بێگومان لە کوردستانیش هەمان کاریگەری و کاردانەوەی دەبێت، بە تایبەتی کە کوردستان جیا لەو بابەتە هاوبەشانەی لەگەڵ خەڵکی کۆی دانیشتووانی ئێران هەیەتی بە بەردەوامی لە لایەن دەزگا ئەمنیەتیەکان چاوەدێری دەکرێ.

...بۆ ل ٢

ئیعتیاد و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان
سەیران مستەفازادە (ل٢)

ڕوو لە ڕۆژهەڵات بۆ دژایەتی ڕۆژئاوا
کاوان موکری (ل٤)

ژنانی فرۆشیار لە بازاری فریوکاری سەرمایەداری ئێران و کوردستان
سامان سنە (ل٤)

پەرەسەندنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران
فیرووز مامۆیی (٦)

کادری پزیشکی پارێزەرانی بێ چەکی کۆمەڵگا
یەسنا ئەحمەدی (ل٧)

جێپێی سیاسەت لە ژینگەدا وتووێژێک لەگەڵ
دوکتور مەنسوور سوهرابی (ل٩)

بزووتنەوەی ژینگە پارێزی ئامانج و ئاکام
ناسر چەورۆکە (ل٩)

کۆماری ئیسلامی ئێران: زیندانی گەورەی ژنان
گلاوێژ عەبدیکانی (ل١١)

پرسی ئەگەر و هۆکاری بنەڕەتیی
دکتور عەبدوڵا عەلیدۆست (ل١٢)

ڕیالیزمی حیزبەکان و ڕیالیزمی ڕاستەقینە
دوکتور محەممەد حسەین زادە (ل١٣)

کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتێک بە دژی ژیان و ژینگە
بێهنام فەتحی (ل١٥)

هەستانەوەی بزووتنەوەی خوێندکاری
عەزیز ئاجیکەند (ل١٥)